





# ئایا ئەتۆ یان کەسێک کە ئەتۆ دەیناسیت دووچاری تاوان بووە؟

لای کێشکی قوربانیانی تاوان یارمەتی و زانیاری وەردەگریت. ئێمە گوێ دەگرین، ڕێنماییت دەکەین، بۆت باس دەکەین لەبارەی پرۆسەی یاسایی و مافەکانی ئەتۆ کامەن.

کێشکی قوربانیانی تاوان ڕێکخراوێکی دڵخوازانەیە کە یارمەتی قوربانیانی تاوان، شایەتان و کەسوکار دەدات. یارمەتیەکەی ئێمە بێپارەیە. ئەتۆ یارمەتی وەردەگریت ئیدی دووچاری هەر تاوانێک کە بوویت و ئەتۆ پێویست ناکات لای پۆلیس شکاتت کردبێت. ئەوەی کە ئەتۆ بۆ ئێمە باس دەکەیت ئێمە بۆ هیچ کەسی دیکەی باس ناکەین.

کێشکی قوربانیانی تاوان دەستگایەکی دەوڵەتی نیە و ڕێکخراوی ئێمە گرێنەدراوە بە حیزبی سیاسی یان دین. لەگەڵ سەدان هاومرۆڤی فێر کراوی دڵخوازانە، ئێمە پشتگیری هەر قوربانیەکی تاوان، شایەت و کەسوکار دەکەین کە لای ئێمە داوای یارمەتی دەکەن. مافەکانی مرۆڤ بناخەی کاری ئێمەیە.

کێشکی قوربانیانی تاوان پێکهاتووە لە کێشکەکانی ناوچەی قوربانیانی تاوان لەسەرانسەری وڵات، بارەگایەکی یەکێتی و خەتێکی تەلەفۆنی نەتەوەیی کە بە خۆرای دەتوانیت تەلەفۆن بۆ ئەوێ بکەیت. بۆ خەتی تەلەفۆنی نەتەوەیی کێشکی قوربانیانی تاوان, ئەتۆ کە بە سویدی یان ئینگلیزی دەتوانیت قسە بکەیت, دەتوانیت تەلەفۆن بکەیت بۆ پرسیار کردن، وەرگرتنی زانیاری یان کەوتنە پێوەندی لەگەڵ کەسێک لە کێشکی قوربانیانی تاوانی ناوچەی خۆت کە دەتوانێت یارمەتی زیاترت بدات.

کێشکی قوربانیانی تاوان یارمەتی بە زۆر زمانی جیاواز پێشکەش دەکات. سەردانی ماڵپەڕی spes/www.brottsofferjouren.se بکە بۆ ئەوەی ببینی کە ئەگەر ئێمە دەتوانین یارمەتیت بدەین بە زمانی خۆت. ئەتۆ هەروەها دەتوانیت تەلەفۆن بۆ خەتی تەلەفۆنی نەتەوەیی ئێمە بکەیت بە ژمارەی ۱۹ ۲۰ ۲۱ – ۰۲۰۰ بۆ پێوەندی کردن بە کسێک بە زمانی سویدی یان ئینگلیزی.

# پشتگیریەک کە بەهێزت دەکاتەوە

**کێشکی قوربانیانی تاوان ئەمانە پێشکەش دەکات:**

- پشتگیری هاومرۆڤیی لە لایەن کەسێک کە گوێ دەگرێت و تێدەگات
- زانیاری لەبارەی شکاتی پۆلیس، پرۆسەی یاسای و پرسیارگەلی قەرەبوو
- پشتگیری لە کاتی مەحکەمە ئەگەر وابێت
- یارمەتی لە کاتی پێوەندی لەگەڵ دامودەستگا و کۆمپانیای بیمەی

پشتگیری ئێمە بە خۆڕاییە و دەتوانیت یارمەتی بە زۆر زمانی جیاواز وەرگریت. ئەتۆ پێویست ناکات شکاتی پۆلیست کردبێت.زیاتر بخوێنە لە ماڵپەڕی ئێمە:

www.brottsofferjouren.se/spes

BROTTSOFFER
JOUREN
0200-21 20 19

سۆرانی (Sorani)